# پیتگەلی نامۆ

**کامیل ژیر**

**هورووژمی  پیتی بەکوردی نامۆ**
**لەگەڵ شاڵاوی غەزاو ئەنفالا**
**بە لێشاو هاتن**
**بەزەبری شیرو رمی  پێخاوس**
**بۆ داگیرکاریی سەروسامان و**
**زمان، هاوکاتن**

***

**وەك سن و کوللە دایان لەهەردوو:**
**سەرخان و ژێرخان**
**کوشتنی بیرو کەلتوورو باوەڕ**
**جەردەی زەوی و کان**

***

**دەسیان نە پاراست لەکەفتەکارو**
**ساوای سەربێشکەو ئافرەتی دووگیان**
**ئاگر لەجەستەو پەڕاوی پیرۆز**
**سەرجەم خانەی خوا هاتەداڕووخان**

***

**ئەی هزرو بازوو**
**رابن، ژێردەستی شەرمەزارییە**
**کەی گەردنی کەچ**
**بارو ئاکاری کوردەوارییە!؟**

***

رابن لە ثێو حێ، ذال و صاد و ضاد

طێ و ظێ و عەین و قاف، نۆ هێڵی لارن

هاتوونە ریزی پیتگەلی نەژاد

ناجۆر، نارەوا، ئاژاوەکارن

***

رابن لە وشەی بەو پیتانەوە

چارەگرانە

پیتی زڕەبەر هەر لەریشەوە

خاری زمانە

***

کوردی، زایەڵەی:

سازو ئاوازە، چۆپی‌و ئاهەنگە

بەو پیتانە، وەی:

باری سەرشانە، کێشی لاسەنگە

***

بۆ گێرانەوەی بەشێ لەماڵ‌و

مڵکی خاوەن ماف

حێ بەهێ کەن‌و عەین بەئەلف‌و

کاف لە جێگەی قاف

ئەو شەشەیتریان بێمەرج‌و سەوا

دەرهاون لەماڵ

یا شەبەیخوونی بێگانەبەدەر

یارا پێچی چاڵ